چیرۆکی وەرگەڕاو



فریبا وفی

# خەجە

له فارسییەوە: بەهرە جەلیل



قسەکردنەکە کۆتایی پێ نەدەهات. تەنانەت شکاندنی ئاوێنەی سەر پەنجەرەکەش دەنگەدەنگەکەی کەم نەکردەوە. پارچەی ئاوێنەکەیان کۆکردەوە. پیرێژنەکەی لێ نەبوو بڵێت: فیدای سەرت بم. لەبەڵا دووربی. پیرەمێردەکە مشتێکی کێشا بە قاچیدا کە وەک سەرین رەق بووبوو. ملێ خوارکردەوە و گوێی لە دەنگەکان گرت. منداڵێکی بچکۆلانە دەگریا. دەبێت ئەمە نەوەکەی بێت. ئەفسانە یان پەروانە. لە بیری نەبوو.

دەڵێم پارەی خێراتەکە بدەین بە مرۆڤێکی مستەحەق.

خەلیل بەدەمی پڕەوە قسەی دەکرد.

چی وەڵامی خەڵکی بدەینەوە؟

کەسێک لە دوورەوە بە دەنگی نوساوەوە قورعانی دەخوێند. دووبارە دەنگەکان تێکەڵ بوونەوە. پیرەمێرد دەستی بە فەرشەکەدا هێنا. نانی ئێوارەیان بۆ دانەنابوو. وا بیری کردەوە کە پیرێژن بە گەرمی ئاگای لە سفرەکەیە. وەسواسی هەیە دەبێت سفرە پڕبێت لە پەرداخ و کەوچکی زیادە. بە قوربان و بەساقەی ئەم و ئەو دەبێت رۆژی سەد جار. دەچێتە نانەوا و سفرە پڕ دەکات لە نان. منداڵەکە هاتووەتە نزیکتر ئەگەر پیرێژنەکەی لێ بووایە منداڵەکەی دەخستە سەر ئەژنۆی پیرەمێردەکە. ئەو قژە پەڕ ئاساتیەی سەری ماچ دەکرد و دەستی لە پەنجە بچووکەکانی دەدا. دەستی بەرەو دەنگەکە درێژ کرد:

وەرە..........

منداڵەکە هەڵگرە، خەلیل باوە گیان ئازار مەدە.

خەلیل درەنگ دێت بۆ سەیری ئەوان.

پیرێژن دەڵێت:

ژنە، مناڵەکەمی لێ سەندەوە.

مەیخە ملی ئەو بەدبەختە، کرمەکە لە خودی دارەکەیە.

پیرێژن قبوولی نییە. هیچ کات قبوولی نەبووە. ئەم رۆژانە ئیتر زۆر بە پیرێژندا راناگات. بۆڵەبۆڵ دەکەن و جنێو بە یەکتری دەدەن. پیرەمێرد بەدەستبەتاڵی دەگەڕێتەوە. منداڵەکە دوورکەوتووەتەوە. پێکەنینە پچڕ پچڕەکەی بووکە چکۆلەکەی بەرزە.

بابە گیان چێشتەکەت هەڵگرە.

پیرەمێرد دانە دانە برنجەکە بە پەنجەکانی پان دەکاتەوە. کەوچکێک دەخاتە نێو دەستی. وا راهاتووە چێشت بە نانەوە بخوات.

««لەتێ نانم بدەنێ»»

ئەگەر پیرێژن لەو نزیکانە بووایە، نەوتراو دەیزانی کە نانی دەوێت. دەستی درێژ کرد. بەر شتێکی نەرم کەوتو دەستی گەڕاندەوە. دەورووبەری قەرەباڵغ بوو. کەسانێکی زۆر بە تەنیشتیدا

تێپەڕدەبوون. بۆینێکی تیژ بەر لووتی کەوت. ئەوە گەورەکەی بوو.

«کوڕم لەتێ نانم بدەرێ»

«رەشم دەست نەکەوت. ئەمەم لەبەرکرد. عەیبی هەیە؟»

پیرەمێرد وا بیری کردەوە ئەمشەو بەبێ نان سەردەنێتەوە. قاپەکەی پڕ لە لەتکە نۆک بوو.

«خەجە تەنیا پارچەیەک گۆشت»

بەڵام پیرێژن لەو نزیکانە نەبوو تا بڵێت:

«دواجار ئەم ورگە دەبێتە بەڵای گیانت...»

چەند پلە گۆشتێکی نەرم بخەرە قاپەکەتەوە. پیرەمێرد بانگی کرد:

«خەجە...»

نەبوو. لەوانەیە ئاگای لەم و ئەو بێت نەبادا کەسێک کەم بخوات یان دەستی جەلیل بە ترشیاتەکە نەگات.

«چەند مانگێکە جەلیل پێی نەخستووەتە ئەمماڵەوە؟»

مناڵەکەم گرفتارە.

پێرەمێرد تانە دەدات:

«مەنسورە کەوگیرەکانی برنج وشلەی برد»

«پێویستی بوو»

«بۆچی نەهات دەستێکت نەیەشێ، وشک و بەتاڵ بڵێت؟»

پیرێژن هاوار دەکات:

«لەدەست قسە رەقەکانی تۆ هەموو لەم ماڵە هەڵاتن»

دەنگێکی پیر گوتی:

«هەموومان سەرپێیین»

رۆژێک تێپەڕی بوو. شەو و رۆژ بە خەبەربوو گوێی لە دەنگی کۆڵانەکە گرتبوو. بیری نەبوو شەو بوو یان رۆژ، کە دەنگی پێی بوو بیستبوو. لە دواییشدا دەنگی خەسووی.

«ویژدان نییە حاجی».

برا شێتەکەی گوتبووی:

«نا نا ویژدان نییە.»

ئەو بۆنی خەدیجەی کردبوو.

ئازای ئەندامم بووە بە وردە شووشە، هەستە ژوورەکە گسک بدە.

لە ناو دڵیدا سوێندی خواردبوو هیچ کات شووشە نەشکێنێت، هەروەها دڵی خەدیجەش. دەبێت لە دڵی دەربهێنێت. دەستی لە فەرشەکە خشاند و بە گاگۆڵکە چوو بۆ سوچێک کە دەنگی

هەناسەکانی خەدیجە لەو شوێنەوە دەهات. بە هێواشی دەستی خستە سەر ئەژنۆکانی خەدیجە کە هەڵی نابووە ژێر چەناگە و روخساری تەڕ بوو. «گوڵە سوورەکانی ناو حەوشەکە دەبینی. بۆ تۆم رواندوون. ئەگەر بۆنیان بکەی، هەرگیز قچت دووت ناکەوێ بڕۆی.»

لەپێ دەستی بەرز کردەوە. «دڕکەکەی چووە بە دەستمدا. قۆڵیشم دڕا......... سەیرکە. خۆم دروومەوە. باش دروومەتەوە؟ بەڵێ؟ دەبینی کە هیچ پێویستییەکم بە تۆ نییە.....»

دەنگی خەدیجە دڵی شاد کرد: «هەر کاتێ کراسە سپییەکەت بە دەزووی سپی درووەوە دەرۆم ملم دەشکێنم!

برنجەکە لە قورگی گیرا. ئەگەر ماڵەکە ئەوەندە قەرەباڵغ نەبووایە بە خەدیجەی دەگوت دەبێت برنج ئەوەندە نەرم بێت کە خۆی هێدی هێدی بە گەروودا بچێتە خوارێ.

لە دواییدا بە قینەوە دەڵێت هەر ئەم کەرتەنانەی بەسە. بەمە ورگی تێر دەکات. دەبێت خەدیجە بدۆزمەوە تەکانێکی بە لەشە قورسەکەی دا. چوارچێوەی دەرگەکەی گرت و وەستا. هەنگاوی هەڵهێنا تا رێگەکەی بۆ بکەنەوە. مناڵەکان لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون و قاقا پێ دەکەنین. کچەکەی گوتی:

«بابە گیان بۆ کوێ»

لە ژێر لێوەوە گوتی:

«دەچم بۆ چێشتخانەکە.»

نەیگوت کە دەچێت خەدیجە بدۆزێتەوە.

لەبەر خۆیەوە گوتی:

«دەبێت هەر لەم نزیکانە بێت.»

چێشتخانەکە پڕبوو.

«چیت دەوێت بابە گیان؟»

بووکەکەی بوو.

«هیچ.»

کشایە دواوە. تەنیشت دیوارەکەی گرت و ویستی بچێت بۆ پاشخانەکە. هەمیشە پاشخانەکە دواجێیەک بوو کە خەدیجەی لێ دەدۆزییەوە.

«وەرە دەرێ خەجە»

لەبەر دەرگەکە دانیشت.

«گوێ بگرە دەمەوێت شتێک بڵێم. خۆم لە ئاوێنەکەدا بینی. زۆر ناشیرینم. حەقی خۆتە کە دەتەوێ لەدەستم هەڵێیت. زۆر ناشیرینم، بەڵێ»

دەنگێک لە پاشخانەکەوە دەڵێ: ئا، زۆر.»

«بیلێ با دڵت مورتاح بێت.»

«توانیت لووته گەورەکەت لە ئاوێنەدا ببینیت؟»

پیرەمێرد دەستی لە لووتی خۆی دا و پێکەنی: «بەڵێ، بەڵێ.»

«سەره کەچەڵەکەشت بینێ؟ »

«بەڵێ.»

پیرەمێرد لەپی دەستی خستە سەر سەری و پاشان بە هێواشی هێنایە سەر پێڵووە داخراوەکانی .

«زمانە ژەهراوییەکەت چۆن؟»

پیرەمێرد قاقای لێ دا:

«بەڵێ بینیم، لاڵبم خەجە، وەرە دەرەوە، لاڵ دەبم خەجە.»

جەلیل گوتی:

«شتێکت لێ ون بووە بابە گیان»؟

لێوی پیرەمێرد بە پێکەنین خوار بوو. کێلۆنی دەرگەکەی سووڕاند. قوفڵ درابوو. هیلاک بووبوو و هەوای قورسی ژوورەکەش دەیخنکاند. منداڵەکان لە پێش قاچیەوە رایان دەکرد. قاچی بەر شەکردانێک کەوت. وەستا.

«ئێستا برۆ بابە گیان، منداڵەکان بەو لاوە......»

پیرەمێرد بیری کردەوە:

«دەی ئەم پیرێژنە لە کوێیە؟»

لە پلیکانەکان چووە خوارێ. شەوێکی سارد بوو. بە هێواشی بانگی کرد:

«خەجە.»

دەنگی هات و هاوار لە ناو ماڵەکە دەهات. پیرەمێردەکە لەرزی . لەسەر پلیکانەکان دانیشت.

«خەجە گیان........... خەدیجە لە کوێیت؟»

ملی خوار کردەوە و گوێی گرت. دەنگی جووڵەی لەسەرخۆی گەڵاکان دەهات و بۆنێکی سووتاو لە هەوادا بڵاو دەبووەوە..

بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی :

«خەجە گیان؟»

بێ هیوایی وەک دڵۆپێکی سارد بە دڵیدا چکایەوە و فرمێسک لە پێڵووە بە یەکدا نووساوەکەی هاتە خوارێ. بەئەژنۆیدا کێشا و هەناسەبڕکێی بوو:

«خەجە گیان.......... خەجە گیان.»